## وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجیٚ کردن

### ريٚنمايى ژمارە ( ١ ) سالى ٢٠١٢

بە پیٚى ئەو دەسەلأتەى کە پیٚمان دراوە لە مادەى (٨) وە ئاماژە بە برگەى (٧) لە مادەى (٢) لە یاساى ژمارە(١٨) ى سالی (٢٠٠٦)ی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ونیشتەجیٚ کردن وە پالْپشت بە کۆنووسی لیٚژنەی هاوبەشی وەزارەتمان لە گەلْ وەزارەتی ناوخۆ لە ٢٠١١/٩/١٩ وە ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٢٦٨٥٣) لە ٢٠١١/١١/٣٠ بۆ کارکردن بە دەقی یاسای ژمارە (٣٥ ی سالی ٢٠٠٢) ی هەموارکراو وە لە دەر ئەنجامی ئەو گۆرانکاریانەی لە ئیٚستادا هاتۆتە کایەوە لە جۆری ئوتۆمۆبیلە بارهەلگرەکان بریارماندا بە دەرکردنی ئەم ریٚنمایە :-

یەکەم/لە کاتی نویٚ کردنەوەی سالأنەی ئوتۆمۆبیٚلە بارهەلْگرەکان دووریەکانی ئوتۆمۆبیٚل و ژمارەی ئەکسل و (سحال) تۆمار بکریٚت لەسەر سالأنەی ئوتۆمۆبیٚلەکان وە لەکاتی هەر گۆرانکاریەك پیٚویستە لەسەر سالْنامەکە ئاماژەی پیٚ بدریٚت ٠

دووەم/مەلْبەندەکانی کیٚش(سحال) و ئەکسل هەژمار ناکەن بۆ کیٚش کردن لەم حالْەتانەی خوارەوە ، وە سزای سەرپیٚچیکەران دەدریٚت بەپیٚی یاسا ٠

أ/ئەگەر لە بنەرەتدا نەبوبیٚت و لە ناوخۆدا زیاد کرا بیٚت بەبیٚ ئاگاداری بەریٚوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و تۆمار نەکرابیٚ لەسەر سالأنەی ئوتۆمۆبیٚلەکە ٠

ب/تایەی (سحال) هاوشیٚوەی قەبارەی تایەکانی تری نەبیٚت (بچووك تر بیٚت) ٠

ج/بازگەکانی پۆلیسی هاتوچۆ ئاگاداری سەرپیٚچیکەران دەکەنەوە لەوحالەتانەی سەرەوە وە مەفرەزە گەرۆکە هاوبەشەکان سزای سەرپیٚچیکەران دەدەن بە پیٚی یاسا لەکاتی بەرزکردنەوەی (سحال) بە بارەوە ٠

سیٚ یەم/پابەندبوونی پۆلیسی هاتوچۆ بەکاتی کارکردنی بنکەکانی کیٚش لە ماوەی(٢٤)کاتژمیٚردا ٠

چوارەم/کاراکردنی تیمی گەرۆك لەسەر ریٚگاکانی دەرەوە بۆ چاودیٚری کردن و سزادانی سەرپیٚچیکەران و ریٚگرتن لەدزەکردنی ئوتۆمۆبیٚلە بارهەلْگرەکان لەسەر ئەو ریٚگایانەی کەگومانی سەرپیٚچی کردنی لیٚ دەکریٚت ٠

پیٚنجەم/پابەندبوون بەو پیٚوەر وریٚنمایانەی کە بۆ ئوتۆمۆبیٚلە بارهەلگرەکان دیاری کراوە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە ونیشتەجیٚ کردن بلأودەکریٚتەوە بەووردەکاری و ویٚنەی روون کاریەوە لە ژیٚر ناونیشانی خشتەی بارهەلگرەکان لە هەریٚمی کوردستان عیٚراق

شەشەم/بە مەبەستی رێكخستنی باری سەربار(تەنها ئەو حالەتانەی كەلە یاساكە رێگەی پێ دراوە)وە هاوشێوەكردنی و پیادە كردنی بەیەك پێوەری یەكگرتوو لە هەرێمی كوردستان – عێراق لە سنوری هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان و نوێنەری بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ ونوێنەری (وەزارەتی ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن – سەرپەرشتیاری بنكەكانی كێش) سەردانی هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان دەكەن بۆ دیاری كردنی رێژەی كێشی سەربار بۆ ئەم بوارانەی كە لە یاساكە رێگەی پێدراوە بە دەر لە پێوەرەكانی دیاری كردنی بار ٠

حەوتەم/ كار بە هیچ پێوەرێكی پێشتر ناكرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە ٠

هەشتەم/ئەم رێنماییە لە بەرواری ٢٠١٢/١/٣١ كاری پێ دەكرێت وە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) بلاّو دەكرێتەوە ٠

**ئەندازیار**
**كامەران احمد عبدالله**
**وەزیری ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ كردن**